داهاتی نانەوتی هەرێم بە مانگی ئادار رادەستی بەغدا کرا

ئەمڕۆ سەشەمە، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند بەشێك لەداهاتی نانەوتی مانگی ئادار رادەستی بەغدا کرا.

٭

٭ وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردووەتەوە، ڕۆژی سێ شەمە (٢٢ ی نیسانی ٢٠٢٥) بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتی نانەوتی هەرێمی کوردستان بە مانگی ئازاری ساڵی (٢٠٢٥) کە بەکەی (٤٨،٢٠٥،٧٦٥،٠٠٠) چل و هەشت ملیارو دوو سەدو پێنج ملیۆن و حەوت سەدو شەست و پێنج هەزار دینارە، بەشێوەی کاش خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ لەلەقی هەولێر.